وەزارەتی دارایی ناردنی زانیاریی 453 فەرمانبەری هەرەم بە بانکی بازرگانی عێراق راگەیاند



وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە (23ـی ئایاری 2024) ڕایگەیاند ، "ئەمڕۆ پێنجشەممە، لەچوارچێوەی پرسی بەبانکیکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پرۆژەی هەژماری من و بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ بانکی عێراقی بۆ بازرگانی (TBI) بۆ ناردنی زانیاریی فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دووەمین هەفتەی لەسەریەک، وەزارەتی دارایی و ئابووری هەسا بۆ ناردنی زانیاریی 453 فەرمانبەری سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان".

وەزارەتەکە دەشڵێت، "حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە ئامادەکردنی لیست و زانیاریی موچەخۆران کە ئەم بانکە هەڵدەبژێرن لەنێوان حەوت بانکەکانی ناو پرۆژەی هەژماری من بەپێی ئەو پرسیارەی کە بانکی ناوەندی عێراق پێسندی کردووە هەفتانە لیستی نوێ بە بانکەکە ئامادە دەکات".

ئاوڕشی خستەوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپەرۆشەوە چاوەڕێی وەرگرتنی خشتەو زانیاری پێویستە دەربارەی پرسەی کردنەوەی هەژمارەکان و چاپکردنی کارتەکان بە ئەو فەرمانبەرانەی کەوا هەفتەی ڕابردوو زانیارییەکانیان بە بانکی ناوبراو نەدرابوو، هیوادارین بانکی عێراقی بۆ بازرگانی بەزوترین کات دەست بە کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ فەرمانبەرانی خوازیار بکات.